# گوتاری ڕەنگ لە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)دا

م.ی. حسين صابر علي
وەزارەتی پەروەردە
کۆلێژی قەڵا بۆ بەهرەداران

## پێشەکی

ڕەنگ بابەت و کەرەستەیەکی زیندووی ژیان و هونەرە، جێگای گرینگی لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و داهێنانی هونەری بەتایبەتی لەبواری هونەری شێوەکاریدا هەیە. لەهەردوو لایەنەوە، بووەتە کەرەستە و بابەتێکی گرینگ و جوانکاری. لەبوارەکانی دەق و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشدا، بایەخی پێدراوە. لەجۆرە ئەدەبییەکاندا ئاوێتەی دەق بووە، بەدەست ئەدەبیانەوە، بابەت و هێمای لێ هەڵهێنجراوە. لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشدا، لەبوارەکانی ڕەخنەو دەربڕین و هێما، ... تاد، کاری لەسەر کراوە.

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە {گوتاری ڕەنگ لە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) دا}، هەوڵێکە بۆ دیارخستنی ئەرک و ئامانج و قسەکردنی ڕەنگ لەچیرۆکی گوڵی ڕەشی چیرۆکنووسی کورد (شێرزاد حەسەن)دا. توێژینەوەکە سەرەڕای باسکردنی پەیوەندی چیرۆک بەجۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەرەجوانەکان و لەگەڵ ناساندنی کورتەی جیهانی ڕەنگ، هەوڵدەدات باس لە گوتارو ئەرکی ڕەنگ لەچیرۆکی ناوبراودا بکات. لێرەدا ئەرکی بابەتیی ڕەنگ باسکراوە. سەرەڕای باسکردنی شێوەی دەربڕینی ڕەنگەکان و بەشداری هەندێ لەڕەنگە جیاوازەکان لە ڕۆنانی وشەی لێکدراو لە چیرۆکەکەدا. توێژینەوەکەمان پشت بە چەمکی زاراوەی (گوتار) دەبەستێت. گوتار زاراوەیەکی فرە ڕەهەندو واتایە، ((ماناکانی ئەم زاراوەیە لە ڕەخنەی خۆرئاواییدا لە سێ ئاڕاستەدا دەردەکەوێت؛ ئاڕاستەی یەکەم: لە توێژینەوەی زمانەوانی و شێوازگەراییدا گوتار بە (شیکردنەوەی گوتاری زمانەوانی) ناسراوە. ئاڕاستەی دووەم: لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بە (گوتاری ڕەخنەیی)، یان (گوتاری ئەدەبی) ناودەبرێت. ئاڕاستەی سێیەم: لە فیکرو فەلسەفەدا بە مانای پەیام و هەژموون و ئایدیا و دەسەڵاتیش بەکاردێت))[ئەسوەد،٢٠١٥،ل٣٦٤]. لەم توێژینەوەدا، بەشێوەیەکی گشتی پشتمان بە ئاڕاستەی سێیەم بەستووە، کارەکەمان پشت ئەستووەرە بە ئەرک و پەیام و ئیشکردنی ڕەنگ لە چیرۆکەکەدا.

نەخشەی توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم لە دوو باس پێکهاتووە. لەباسی یەکەمدا، باس لە کورتەی جیهانی چیرۆک و پەیوەندی و سوودبینینی لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەرەجوانەکان کراوە. لەباسی دووەمدا بەشێوەیەکی کورت ڕەنگ لە ڕووەکانی (زمان، مێژوو، جۆر، واتا، ئەرک) ناسێنراوە. نەخشەی تەوەری دووەمیش لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا قسە لەسەر گوتاری چینایەتی و زمانی و ئەدەبیی ڕەنگ لە چیرۆکەکەدا کراوە. لێرەدا بۆ هەر جۆرێک لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا نموونەی پێویست هێنراوەتەوە و ئەرک و گوتاری ڕەنگ لێرەدا ڕوونکراوەتەوە. لەباسی دووەمدا گوتاری شێوەی دەربڕینی هەندێ لە ڕەنگە جیاوازەکان و بەشداری هەندێ لە ڕەنگەکان لە ڕۆنانی وشەی لێکدراو لە چیرۆکەکەدا کراوە. ئینجا لەچەند خاڵێکدا گرینگترین

ئەو ئەنجامانە دەستنیشانکراوە کە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا هاتوون. پاشان بەشێوەیەکی زانستی ناوی سەرچاوەکان تۆمارکراوە کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە. لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

**تەوەری یەکەم: جیهانی چیرۆک و ڕەنگ**

**باسی یەکەم: جیهانی چیرۆک و لەخۆگرتنی جۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەرەجوانەکان**

چیرۆک جۆرێکی سەرەکی و ڕەسەنی ئەدەبە، سەرەڕای تایبەتمەندییە هونەری و ئەدەبییەکانی لە بونیاد و ناوەرۆکدا، توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ئەدەب وەک: (شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، ... هتد)و جۆرە سەرەکییەکانی هونەرەجوانەکان وەک: (مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، ... تاد)، سوودیان لێوەربگرێت و ئاڵوگۆڕی جوانکاریی لە نێوانیاندا هەبێت. بەوپێیەی کە ڕەنگ لە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)ی چیرۆکنووسی کورد (شێرزاد حەسەن) لایەنی کارلەسەرکردنی لێکۆڵینەوەکەمانە، بۆیە لە چیرۆک و پەیوەندی بەجۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەرەجوانەکان دەدەوێین.

**١/ چیرۆک و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب**

لەنێوان چیرۆک و جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا، ڕووی لێکچوون و پەیوەندی و خاڵی هاوبەش هەیە، چونکە ((کۆمەڵە خاسیەتێک لە نێوان هونەرەکاندا هاوبەشە))[رید،٢٠٠٦،ل٧]. خاڵە هاوبەشەکانیش خۆیان لە: (بیر، سۆز، ئەندێشە، پەیام، هەستی جوانی، شێوە، شێواز، ... تاد) دەبیننەوە. لەبەر ئەوەی خاڵی هاوبەش بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان جۆرەکانی ئەدەب و هونەرەجوانەکاندا هەیە، بۆیە کارێکی بەجێ و دروستە کە چیرۆک سوود لە جۆرەکانی ئەدەب و هونەرەجوانەکان وەربگرێت و لەچەندین ڕووەوە ئاوێتەبوون لە نێوانیاندا هەبێت. ئەم سوودبینینەش بۆ تایبەتمەندێتی چیرۆک دەگەڕێتەوە. چیرۆک ((بۆی هەیە گەلێک ژانری دیکەی ئەدەبی لە بونیادی خۆیدا جێبکاتەوە، خۆی پێی دەوڵەمەنتر بکات، بێئەوەی لە خولگەی خۆی دەربچێت))[حەسەن،٢٠١٢،ل٧٥]. چیرۆک دەتوانێ ((لە شیعر، وێنەو زمانی شیعر. لە ڕۆمان قارەمان و ڕووداو بخوازێت))[حەسەن،٢٠١٢،ل١١٩]، لە شانۆنامەش گفتوگۆ. دیارە شیعرو ڕۆمان و شانۆنامە، جۆری سەرەکیی ئەدەبن کە چیرۆک دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ. بەم بۆچوونەش، دەتوانین ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە چیرۆک ڕووبەرێکی باش و گونجاوە بۆ لەخۆگرتنی جۆری ئەدەبیی دیکەو بەشداربوون لە گەیاندنی پەیام و لایەنی جوانکاریدا.

**٢/ چیرۆک و جۆرە سەرەکییەکانی هونەرەجوانەکان**

چیرۆک دەتوانێ سوود لە جۆرە سەرەکییەکانی هونەرەجوانەکانیش وەربگرێت. جۆرە سەرەکییەکانی هونەرەجوانەکان، خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، بەپێی گونجان و وەستایی، دەتوانن سوودی جوانی و پەیام بەجۆرە سەرەکییەکانی ئەدەب لە نێویشیاندا چیرۆک بگەیەنن، لە وەرگرتن و ئاوێتەبوونی نێوانیاندا، دەبێت لایەنی جوانی فەرامۆش نەکرێت و وەستایی تیدا بەکاربێت، ئەگەرنا هیچ سوودو بایەخێکی کورتخایەن و درێژخایەنی نابێت.

چیرۆکنووسان هەستیان بەگرینگی سوودوەرگرتن لە هونەرەجوانەکان کردووە، لەهەوڵەکانیاندا بەکاریانهێناوە. چیرۆکنووسی بەئەزموونی کورد (محەمەدفەریق حەسەن)، ڕاشکاوانە لەئەزموونی چیرۆکنووسی خۆیدا ئەم خاڵەی باسکردووەو گوتوویەتی: ((دەست بە زۆر لادا دەگێرم، هەر لە ڕەنگەوە کە زمانی هونەری شێوەکارە، تا جوانکارییەکانی سینەما، مۆنتاج و جۆرەکانی گرتەو گۆڕینی دیمەنەکان، تا دەگاتە بەگەڕخستنی لاوک))[حەسەن،٢٠١٢،ل١٦٠]. لەم بۆچوونەدا سێ بابەتی

هونەری هەیە کە ئەوانیش (ڕەنگ، سینەما، لاوک)ن، ئەمانەش کەرەستەو بەشی سەرەکین لە جۆرە سەرەکییەکانی هونەرەجوانەکان کەخۆیان لە (شێوەکاری، شانۆ، مۆسیقا) دەبیننەوە. سوودوەرگرتنیش لەهونەرەجوانەکان، پێویست بەوەدەکات کەچیرۆکنووسەکە ڕۆشنبیریی و زانیاری لە هونەرەجوانەکاندا هەبێت و بەشێوەیەکی کارامەو لێزانانە لەچیرۆکەکەی خۆیدا بەکاریان بهێنێت.

**باسی دووەم: ناسنامەو ئەرکی ڕەنگ**

لەژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست بە ڕەنگ و گرینگییەکەی دەکەین، پەڕیوەتەوە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان. لەلایەنی ماددی و هزرییەوە جێگەی شایستەی بۆخۆی کردووەتەوە. ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت و فەرامۆشبکرێت. بۆیە دەبێت بەچاوێکی پڕ بایەخەوە سەیری ڕەنگ و ئەرکی لەژیاندا بکەین.

**١/ ڕەنگ لە ڕووی زمانەوە**

بۆئەوەی زیاتر لە ڕەنگ بگەین، پێویستە لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە هەڵوەستە لە سەر سێ وشەو چەمک بکەین، کە ئەوانیش بریتین لە: (ڕەنگ)، (وشەکانی ڕەنگ)، (واتای ڕەنگ). وشەی ڕەنگ لە زماندا، لەنێویشیان زمانی کوردی، ناوەو بۆ ناونان و جیاکردنەوەی شتێک بەکاردێت. یاخود((چۆنێتی شت لە ڕەشێتی و سپێتی و سوورێتی و ..))[خاڵ،١٩٦٤،ل١٩٩]، پیشان دەدات. لێرەدا ڕەنگ دەبێتە بازنەیەکی سەرەکی و لە بەشە ئاخاوتنی ناودا خۆی جێگیر دەکات. لەنێو بازنە سەرەکییەکەشدا کۆمەڵێک بازنەی دیکە هەیە کە پێیان دەوترێت (وشەکانی ڕەنگ)، ئەمانەش بریتین لە ڕەنگەکانی (ڕەش، سپی، سوور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، مۆر ... تاد) لەگەڵ پلە جیاوازەکانیان.

ڕەنگە جیاوازەکان لە ڕووی زمانەوە دەتوانن ببنە هاوەڵناو و ناویش. بۆ نموونە: ((کراسێکی مۆری لەبەردایە. مۆر = ئاوەڵناوە))[زەنگنە،٢٠٠١،ل٢٧]، بۆیە هاوەڵناوە، چونکە بۆتە دیارخەری ناوی کراس و لە ڕووی ڕەنگەوە پەسن (وصف)ی ناوی کراسی کردووە. ئاشکراشە کە ئەرکی پەسنکردن لە ئەرکەکانی هاوەڵناوە.

ڕەنگە جیاوازەکان بەپێی هاتن و ئەرکیان لە ڕستەدا، نەک هەر دەبنە هاوەڵناو، بەڵکو دەتوانن ببنە ناویش، وەک: ((زەرد بە ڕەنگێکی سەرەکی دادەنرێت. زەرد = ناوە))[زەنگنە،٢٠٠١،ل٢٧]. لێرەدا کە زەرد ڕەنگێکی سەرەکی نێو ڕەنگەکانە بەناو دانراوە نەک بە هاوەڵناو، چونکە پەسنی هیچ ناوێکی نەکردووە، بەخۆی خۆی دیارخستووەو بۆتە دیارخراو. ئەگەر بمانگوتبا (ڕەنگی زەرد بە ڕەنگێکی سەرەکی دادەنرێت) ئەو کاتە زەرد دەبووە هاوەڵناو و ناوی ڕەنگی دیاردەخست و پەسنی دەکرد.

**٢/ مێژووی ڕەنگ**

ڕەنگ بابەتێکی لاوەکی ژیان نییە، بەڵکو شوێنێکی سەرەکی لە پێویستییەکانی ژیان داگیر دەکات، چونکە ((ڕەنگ یەکەم زمانە کە گفتوگۆی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان پێ دەکەین، یەکێکە لە شتە سەرەکییەکان کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستمان پێی دەبێت))[ عبيد،٢٠١٣، ص٤٣]. پێویستبوونی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیوەستە بە دوو لایەنەوە:

یەکەم: دەبێتە هێمایەک بۆ جیاکردنەوەی شت و کەلوپەلەکان، چونکە ڕەنگ دەتوانێ ببێتە ((تایبەتمەندی بۆ شتێک))[لون https://ar.wikipedia.org/wikig].

دووەم: تێکەڵ بە جیهانی واتاو بیروباوەڕو هەڵوێست دەبێت، بەهۆی ڕەنگەوە ((دەتوانرێ لایەنی سۆزداری و هزریی مرۆڤ بەدیاربخرێ، بۆ نموونە: ڕەنگی سپی نوێنەرایەتی پاکی دەکات، ڕەشیش

نوێنەرایەتی غەم دەکات))[لون https://ar.wikipedia.org/wikig]. لێرەدا گرینگی ڕەنگمان لە هەردوو لایەنی ماددی و واتاییەوە بۆ بە دیاردەکەوێت. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین کە ڕەنگ بەپێی کولتوری میللەتان ماناو پیرۆزییەکەی دەگۆڕێت.

ڕەنگ لە دەرەوەی دۆزینەوەو کاتدا نییە، ((بۆیەکەم جار لە مێژووی زانستی ڕەنگدا لەلایەن زانای فیزیکۆلۆژیاوە (ئیسحاق نیوتن ١٦٤٢-١٦٧٢) کە هەستا بە کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەک لەسەر بابەتی شیکردنەوەو شیتاڵکاریی تیشکی خۆرو ڕەنگەکانی شەبەنگە خۆری، ڕەنگەکانی (پەلکەزێڕینە)ی دەستکەوت کە بریتین لە حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە))[سالار،٢٠٠٩،ل٦٥]، حەوت ڕەنگەکەش ئەمانەن: ((سوور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیلی، مۆر))[الجبوري،١٩٧٨،ص٥٩]. هەر سەبارەت بە دۆزینەوەش، ((هەندێکی دیکە دەڵێن: ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕۆژگارێکی زۆر لە مێژتر بەر لە ڕۆژئاواییەکان  ئەم ڕاستییەیان ئاشکرا کردووە))[ساڵح،٢٠٠٨،ل٢٨].

لە ڕووی زانستییەوە، ڕەنگ لە چوارچێوەی بازنەی زانستی فیزیادا دەخولێتەوە، چونکە ((ڕەنگ دیاردەیەکی گشتیی فیزیکە، سروشت و ڕووناکی چاوگی سەرەکییەتی و ئەمەش بەهۆی ئەو تیشکانەی ڕەنگی ئەو شتانە وەردەگرن کە بەریدەکەون، چ بە وەرگرتن و چ بە لێکەوتنەوە. لە ڕێگای چاوەوە ڕەنگەکان دەبینین و بەهۆی ئەو دەمارانەی پەیوەستی بنکەی بینین لەناو مێشکدا لێکدەدرێتەوەو لە یەکتری جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە))[سالار،٢٠٠٩،ل٦٥].

بۆ ئەوەی هەر ڕەنگێکیش پێکهاتەو شێوەیەکی تەواوی هەبێت، پێویستە سێ تایبەتمەندی و خەسڵەتی تێدا هەبێت کە ئەمانەن:

((یەکەمیان (بۆیە)یە، مەبەست لێی تایبەتمەندییەکانی ڕەنگە، کە سوور لە زەردو، شین لە سوور جیا دەکاتەوە. .. ئەمانەش بە درێژی شەپۆلەکانیان دەپێورێن. دووەمیان تێری ڕەنگەکە، واتە بڕی تۆخی ڕەنگەکە، بۆ نموونە: شینی تۆخ لە بەرانبەر شینی خۆڵەمێشی. سێیەمیان بێخەوشی و درەوشانەوەی ڕەنگەکەیە، واتە ڕادەی دیارکەوتن، یاخود بڕی ئەو تیشکەی کە لە ڕەنگەکە پێچەوانە دەبێتەوە))[ساڵح،٢٠٠٨،ل٢٩]. ئەمانە لایەنی بەرجەستکردن و زانستیی ڕەنگ بوون.

**٣/ جۆرەکانی ڕەنگ**

ڕەنگەکان چەند جۆرێکیان هەیە، گرینگترینیان ئەمانەن:

ا/ ڕەنگی سەرەکی و ڕەنگی ناسەرەکی.

ڕەنگە سەرەکییەکانیش ئەو ڕەنگانەن کە ((بنچینەیین و لە تێکەڵی هیچ ڕەنگێک دروست نابن، بەڵکو خۆیان سەرەکیین، وەک: زەردو سوورو شین. ڕەنگە ناسەرەکییەکانیش ئەو ڕەنگانەن کە لە تێکەڵکردنی ڕەنگە سەرەکییەکان دروست دەبن، وەک: پرتەقاڵی، سەوز، مۆر، ... تاد))[عبيد،٢٠١٣،ص٢٠]. سەبارەت بە ڕەنگە سەرەکییەکان، بۆچوونی ئەوە هەیە کە هەردوو ڕەنگی (ڕەش) و (سپی)ش ڕەنگی سەرەکین[جەمیل،٢٠١٥،ل٣١]، لە هەمان کاتکدا ئەو بۆچوونەش هەیە کە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی، ڕەنگی بێلایەنن[ڕەسوڵ،٢٠١٥،ل٧]. ئەگەر بەپێی ئەو پێناسەیەبێت کە ڕەنگە سەرەکییەکان لە تێکەڵی هیچ ڕەنگێکی دیکە دروست نابن، ئەوە دەتوانین بڵێین کە ڕەش و سپی، ڕەنگی سەرەکین.

ب/ ڕەنگی گەرم و ڕەنگی سارد.

ڕەنگە گەرمەکان بریتین لە ڕەنگەکانی ((سوورو زەردو پرتەقاڵی. چونکە بەلای ڕووناکی و ڕەنگی ئاگردا دادەچن کە سەرچاوەی گەرمییە. ڕەنگە ساردەکانیش بریتین لە شین، سەوزو ئەوانەی لێیان

نزیکن. بۆیە ناوی ساردیان لێنراوە، چونکە پەیوەستن بە ئاسمانی بێگەردو قوڵایی ئاوی دەریاو نەبوونی ڕووناکی))[عبید،٢٠١٣،ص٢٢].

**٤/ واتای ڕەنگ**

دیاریکردنی واتا، یاخود واتایەکی تەواو و دروست بۆ ڕەنگێک یان ڕەنگەکان، یەکێکە لە کێشە بەردەوام و گۆڕاوەکان، چونکە تاوەکو ئێستا واتای هەر ڕەنگێک لە یەک چوارچێوەو قالبدا جێگیر نەبووە، بەڵکو واتای زۆرو جیاوازی بۆ داڕژاوە. هەندێ بۆچوونی لەیەک نزیک و ڕێککەوتن هەیە، بەلام گشتگیر نییە و قابیلی لێکدانەوەو شیکردنەوەی زیاترە. ئەم ڕێککەوتنەش لەسەر واتای ڕەنگەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەنگەکان تێکەڵ بە جیهانی هێما بوونەو لایەنی هێماگەری ڕەنگیش ((تاوەکو ئێستا پارێزگاری لە بەها ئاساییەکەی خۆی کردووە))[خلیل،١٩٩٥،ص١٥١]. سەرەڕای ئەمە، ((زۆربەی ڕەنگەکان جگە لە تایبەتمەندی ڕەنگی خۆیان کە هێمای جوانی و ناشیرینی شتەکان دەگەیەنن، ئەوا مەبەست و چەمکێکی سەمبولیزمانەی تایبەتیشیان هەیە، واتە چەمک و بۆچوونێکیان لەخۆ وەرپێچاوە کە لەلایەکەوە پەیوەندی بە تایبەتمەندی لایەنی دەروونی و ناخی مرۆڤەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی ڕەوتی درێژخایەنی مێژووی ئادەمیزادەوە هەیە))[سیاپوش، ١٩٩٦،ل٣٥]. ئەمە لەسەر ئاستی ئەرک و واتاوە کە چوارچێوەیەکی تاڕادەیەک تەواو بۆ ڕەنگ دیاردەکات، بەڵام هەر دەتوانین ئەوە بڵێینەوە کە هێشتا بە تەواوی واتاو هێمای تەواو و گشتگیر بۆ ڕەنگەکان دیارنەکراوەو هەموو لایەک بەتەواوی لەسەری ڕێکنەکەوتوون و ((ناتوانرێت یاساو ڕێسایەکی جوانکاری بۆ نرخ و واتای ڕەنگ دابنرێت))[عبید،٢٠١١،ص١٣٥].

زۆر لە ڕەنگەکان چەندین واتا هەڵدەگرن، هەندێکیان واتاکانیان لەیەک نزیکن و لە یەکتر دوور ناکەونەوە، بەڵام هەیانە هەندێ لە واتاکانیان پێچەوانەی یەک دەبنەوە. بۆ نموونە: ((ڕەنگی سوور، خۆشەویستی و هێمای ڕۆژی (ڤالانتاین)ە، شەبەقەو مزگێنیشە، شۆڕشە، لە هەمان کاتدا نیشانەی شەڕو مەرگە))[سالار،٢٠٠٩،ل٧٢]. یاخود ((لە هەندێ کولتووردا بەمانای ژیان دێت و لە هەندێکی دیکەش بە مانای مردن دێت))[سالح،٢٠٠٨،ل٣٣]. واتاکانی تایبەت بەڕەنگی سوور زۆرن، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت جیاوازی و دژیەکییە لە هەریەک لەواتاکانی خۆشەویستی و ژیان لەلایەک و مەرگیش لەلایەکی دیکە کە دوو واتای جیاوازن و پێچەوانەی یەکتردەبنەوە. واتای جیاوازی ڕەنگەکانیش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، وەک: (هەڵوێست، پاشخان، ئاستی ڕۆشنبیریی، کولتوور، ئایین، شارستانییەت ... تاد). ئەگەر نموونەیەک لەسەر ڕوانینی واتای جیاواز بۆ ڕەنگی سوور بهێنینەوە، دەبینین جیاوازییەکە پەیوەستە بەو کەسەو ئاستی ڕۆشنبیریی و ئەرک و کاری. ((جیاوازی ڕوانینی زانایانی وزە بۆ ڕەنگی سوور لەگەڵ ڕوانینی دەروونناسان بۆ هەمان ڕەنگ، دەبینین دەروونناسان ڕەنگی خۆشەویستی لێ دەبینن، بەڵام زانایانی وزە وایدەبینن کە هێمای پەیوەستبوون و لایەنگیرییە))[عبید،٢٠١٣،ص١١]. ئەمە تایبەت بەڕەنگی سوور. ڕەنگی ڕەشیش وەکو ڕەنگی سوورو ڕەنگەکانی دیکە بەپێی ئەو چوارچێوەی بەکاردێت، واتای جیاواز لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە: ((-(من هەمیشە چاوم بۆت ڕەش دەکەم و تۆش هەمیشە بە دڵێکی ڕەشەوە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەیت ...!) دەبینین/ ڕەشی چاو هێمایە بۆ جوانی، کەسەکان بۆ جوانی چاویان ڕەش دەکەن، بەڵام ڕەشی دڵ، هێمایە بۆ ڕق و قین و نێگەتیڤی))[حەسەن،٢٠١٦،ل١٧]. بێگومان چەندین ڕەنگی جیاواز هەیە، هەر ڕەنگێکیش زیاتر لە واتایەکی هەیە. لە گشتیاندا چەند واتایەکی وێکچوو و جیاواز بەدی دەکرێت. لەگەڵ

هەبوونی جیاوازیش، بەڵام ڕەنگەکان خاوەن واتان، هەوڵدەدەین گرینگترین واتا دیارەکانی ڕەنگەکان بخەینەڕوو:

ڕەنگی سوور: دەربڕی بابەتی ژیان و هێمای هەبوونی ترس و کێشەیە و نیشانەی تووڕەیی و کاردانەوەی توند، هەندێجاریش دەربڕی هەڵچوونێکی بەهێزە، یاخود پێویستییەکە بۆ گەرموگوڕی و خۆشەویستی.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٣]. ڕەنگی خوێنی زیندوو و ئاگرە، ڕەنگی هەستە گەرم و گوڕەکانە.[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤١]. نیشانەی شادی و خۆشەویستییە.[سالار،٢٠٠٩،ل٢٩].

ڕەنگی پرتەقاڵی: دەربڕینی کرانەوەو سادەیی و نواندنی سۆزە، هەندێجاریش وەڵامێکی هەڵچوانەی دنیای دەرەوەیە، یاخود هەڵوێستێکە بەیەکداچوون و تیاماوی مرۆڤ لەنێوان مردن و ژیان دەردەبڕێت.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٣].

ڕەنگی زەرد: دەربڕی خۆشەویستی و کامەرانی و بایەخ پێدانی عەقڵ و هزری مرۆڤە و مەیلە ئاشکراکانی کە بەخەیاڵی مەزنایەتی تەنراون، دەردەخات، هەندێجاریش دەربڕی شلەژاوی دەروونییە.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٣]. ڕەنگی خۆرە کە لە دوورەوە دەگات، لە تاریکاییەوە هەڵدەقوڵێت وەک پەیامنێرێکی ڕووناکی، دوایی لە تاریکایشدا ون دەبێت-ڕەنگی پێشبینییە، واتە کاریگەری ئەوەی هەیە، کە هەموو کاتێک ڕەگەزو هاتنی ڕووداوەکان ڕووناک بکاتەوە.[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤١]. ڕووناکی زێڕو پێگەیشتنی بەروبووم، وەرزی پاییزو خەزان، کاملبوون.[سالار،٢٠٠٩،ل٧٢].

ڕەنگی سەوز: دەربڕی ڕێک و پێکخستنی خواست و مەیلە کاریگەرەکانە، هەروەها هێمای هاوسەنگی کەسێتی و (من ego)ی تەندروستە و نیشانەی گەشەکردن و تازبوونەوەی ژیانە.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٣]. ڕەنگی ڕووەکی زەوییە، ڕاستەوخۆ هەست و ئیدراکی پێ دەکرێت، هەستیاری دەگەیەنێ.[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤١]. بەهارو ژیان و ژیانەوەو دەرودەشت و باخ و کێڵگەو دارستان ... بەهەشت و سەرفرازیی و ئاسوودەیی.[سالار،٢٠٠٩،ل٧١].

ڕەنگی شین: دەربڕی کاردانەوە جێگیرو ئارامەکانە لەو وەختانەی کە مرۆڤ تەواو بەسەریاندا زاڵە، بەڵام ڕەنگی شینی کراوەو کاڵی سارد، هێمایەکە بۆ پاشەکشێکردن و پەرتبوون و دووری مەوداکان.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٤]. ڕەنگی بۆشایی و ئاسمانی ڕوونە، ڕەنگی بیرکردنەوەیە.[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤١].

ڕەنگی مۆر/ وەنەوشەیی: تۆکمەیی کەسێتی مرۆڤ دەردەبڕێ و نیشانەیەکە بۆ خۆنواندن بە بارێکی گرژ و نائارام بە جۆرێک خاوەنەکەی بەکەسێکی ئازاد و بوێر دیار دەکەوێ و حەز لە خۆ زاڵکردن و کۆکردنەوەی سامان دەکات.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٤]. هەروەها نۆستالژیاو بیرەوەری.[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤٤]. هێمای ڕۆمانسییەتە و چوونەناو خەون و خەیاڵەوە. ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی سۆزداریی[سالار،٢٠٠٩،ل٧٢].

ڕەنگی قاوەیی: هەستکردن بە ئەمان و دڵنەوایی و چرکردنەوەی حەزەکان بۆ شتێکی دیاریکراو (بەتایبەت هەوەسە سێکسییەکان) دەردەبڕێت. هەروەها هێمایەکە بۆ پتەوی و توندو تیژی، هەندێجاریش هەستکردن بە گوناهباری و خۆبەستنەوە بە سروشت دەردەبڕێت.[سالح،٢٠٠٨،ل٣٤]. ڕەنگی خاکە[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤٣].

ڕەنگی سپی: هێمایەکە بۆ بارە نێگەتیڤەکان و بۆشایی و ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێتی مرۆڤ کە بەمانای هەستکردنی کەسەکان بەو گۆڕانانەی کەبەسەر تایبەتمەندی کەسێتیاندا هاتووە، هەندێجار ئەو ڕەنگە نیشانەیە بۆ دابڕانی مرۆڤ لە واقیع و حەزدەکات حەزو ئارەزووەکانی ناخی

هەڵبژێریێ.[ساڵح،٢٠٠٨،ل٣٤]. فریشتەیی، ساکاریی، پاکژیی، بروادارییی، دڵنیایی، پوختەیی، خێرخوازیی، لە ولاتە ساردو سەهۆڵبەندەکانیش، هێمای بەفرو سەرماو بەستەڵەکە.[سالار،٢٠٠٩،ل٧١]. هەروەها هێمای خۆبەدەستەوەدانیشی بۆ دیاریکراوە.[الحباشة،٢٠١٠،ص٥٤].

ڕەنگی ڕەش: نیشانەی خەمۆکی و بێئومێدی و ڕەشبینی و خۆلەدەستدان و ڕەتکردنەوەو کەلەکەبوونی هەستەکانە، هەروەها نیشانەیەکە بۆ نەگونجانی ئەو کەسە لەگەڵ دەوروبەرو هەمیشە وادەزانێ کە لە هەموو لایەک گەمارۆدراوە، هەندێجاریش هێمایەکە بۆ شتێکی نەزانراو.[ساڵح،٢٠٠٨،ل٣٥]. ڕەنگی ڕەش دەربڕینە لە نەبوونی گشت ڕەنگەکان، گشت ڕووناکییەک، هێماشە بۆ خەمێکی قووڵ و نیگەرانییەکی توندو نائاگایی و مردن.[خليل،١٩٩٥،ص٢١]. ئەم ڕەنگە چەمکی ناخۆشی و دڵتەنگی و خەم و خەفەتی گەیاندووە، ڕەنگە دەرک کردنی ئەم چەمکەش لە تاریکییەوە هاتبێت کە ڕەنگێکی ڕەشی تۆخی هەیەو مایەی ترس و سامناکی بووە.[سياپوش،١٩٩٦،ل٣٦].

ڕەنگی خۆڵەمێشی: دەربڕی سەرکوتکردنی ئارەزووەکانە (کبت) و نەسەلماندن و یەکسانبوونی هەڵچووەکانە.[ساڵح،٢٠٠٨،ل٣٥].

ئەمانە هەندێ واتای دیاری ڕەنگە جیاوازەکانن، بەڵام ڕەنگەکان هەر ئەوندە واتایەیان نییە، بەڵکو واتای دیکەشیان هەیە، وەک ڕەنگی سپی کە هێمای ئاشتی و ژیانە. دەتوانین بڵێین کە ئەمانە واتا سەرەکییەکانی ڕەنگە جیاوازەکانن، بەڵام هەموو واتاکان نین، بەڵکو واتای دیکەش بۆ ڕەنگە جیاوازەکان هەیە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ڕەنگ بابەتێکی ڕێژەیی و زیندووە، بەپێی ڕۆژگارو دەوروبەر گۆڕان بەسەر چەمک و واتاو هێمایەکەی دادێت.

**٥/ ئەرکی ڕەنگ لە چیرۆکدا**

چیرۆک بابەتێکی فرە ڕەهەندە، پێویستی بە ئاوی سازگاری زۆر بوارو کایەی ژیان هەیە بۆ ئەوەی خۆی پێ جوانترو دەوڵەمەنتر بکات. یەکێک لەو لایەنە ڕۆشنبیریانەی ژیان کە چیرۆکنووس دەتوانی بۆ زیاتر جوانکردن و دەوڵەمەنکردنی چیرۆکەکەی سوودی لێببینێ، هونەری شێوەکارییە، چونکە ((چیرۆک پێویستی بە ڕۆشنبیریی شێوەکاری هەیە))[مدانات،٢٠١٠،ص١٩٦]. شارەزابوونیش لەهونەری شێوەکاری چەندین کەرەستەو بواری هەیە. لە هونەری شێوەکاریش کە چیرۆکنووسان دەتوانن سوودی لێوەربگرن، دەتوانین ((قسە لەسەر ڕەنگ و هێمایەکەی و واتاو جۆرەکانی بکەین))[الحباشة،٢٠١٠،ص٥٣]. ڕەنگ کەرەستەو بەشێکی سەرەکی هونەری شێوەکارییە. ڕەنگ وەک بابەتێکی گرینگی ژیان و ژیار، ناتوانرێ نکۆڵی لەڕۆڵە گرینگەکەی بۆ جیهانی چیرۆک بکرێت. دەتوانین لە چەند لایەنێکەوە ئەرک و سوودی ڕەنگ بۆ چیرۆک دیار بکەین:

**ا/ لەڕووی چڕی و واتاو هێماوە**

ڕەنگەکان لە چیرۆکدا بەوشە دەردەبڕێن و جێگەی وشەو واتا دەگرنەوە. هەر ڕەنگێک تایبەتمەندی و واتای خۆی هەیە، زۆرجار خاوەن هێماشە. چیرۆکنووس ((لە ڕێگای کەرەستەی زمانییەوە کەرەستە هونەرییەکانمان بۆ وێنا دەکات))[ئەمین،٢٠١٤،ل٧٩]. چیرۆکنووسان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئاگایانەو جوانکارییانەی ڕەنگەوە، دەتوانن قەبارەی نووسینەکانیان چڕ بکەنەوەو واتای زیاتر ببەخشن. ڕەنگەکان یارمەتیدەربوونە لە چڕکردنەوەی گوزارشتەکان[ڕەسوڵ،٢٠١٥،ل٣١]. ڕەنگ کەرەستەو بابەتێکی باش و کاریگەرە بە دەست چیرۆکنووسەوەو بەهۆیەوە دەتوانێ سوودی تەکنیکی و بابەتیی لێوەربگرێ. چیرۆکنووس لەڕێگەی ڕەنگەوە ((بەشێوەیەکی هێماگەری، گوزارشت لە کردەوەو پێشڤەچوونە دراماتیکییە خێراکان دەکات))[النصير،٢٠١٢،ص٣٩]. زۆرجاریش ((ڕەنگ لە وشە زۆرتری

پێیە بۆ وتن، خێراتریش مەبەست دەگەیەنێتە وەرگر))[حەسەن، ٢٠١٢،ل٨٤]. بێگومان ئەم بەکارهێنانەش نابێت هەرتەنیا لەڕێگەی ئاماژەدان و بەکارهێنانێکی سادەوەبێت، بەڵکو پێویست دەکات لەگەڵ کەشی گشتیی دەقەکە یەکبگرێتەوەو یەکتر تەواوبکەن. هێما بەشێوەیەگی گشتی، چڕی و کورتبڕی دەبەخشێت. دیاریشە ڕەنگەکان لە کۆن و ئێستادا تێکەڵ بەجیهانی هێما بوونە. ((سیمبۆلیزمی ڕەنگ لە بابەتە هەرە گشتییە ناسراوەکانە، و هۆشمەندانە لە مەراسیمی پیرۆز، ڕەمز، ئەلکیمیا، و ئەدەب و هونەر بەکارهێنراوە))[سیرلوت،٢٠٠٣،ل٤٠]. هەندێک لەهێمایەکان شێوەیەکی جیهانییان وەرگرتووە، وەک ڕەنگی گڵۆپەکانی هاتوچۆ، هەندێکی دیکەشیان لە چوارچێوەی ناوخۆیی و لای کەسانی دیاریکراو ماونەتەوە. گرینگ ئەوەیە کە بوونەتە هێما.

**ب/ لەڕووی ئەدەبییەوە**

ئەگەر ڕەنگ لەدەقی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی جوان بەکارهات، ئەوە جوانی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە ((ڕەنگ توخمێکی بنەڕەتییە بۆ چێژوەرگرتنمان لە جوانی شتەکان))[سالح،٢٠٠٨،ل٢٦]، ڕەنگ و پلەکانی لە چیرۆکدا ((شیعریەتی گێڕانەوە بە واتای توندی و پاڵەپەستۆ دەگەیەنێت))[النصیر ،٢٠١٢،ص٣٩]. ئەگەر ئەو ڕەنگانەی لەگەڵ پلەکانیان کە ئەدیب لە دەقەکەی بەکاریدەهێنێت شێوەیەکی جوان و گونجاوی لەگەڵ ناوەرۆکی بەرهەمەکەی و ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەبێت، ئەوە پلەی ئەدەبیی دەقەکە بەرزدەکاتەوە و جوانی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێت.

**پ/ لەڕووی دەروونییەوە**

ڕەنگ لە چیرۆکدا کار لە لایەنی دەروونی دەکات، ((چونکە ڕەنگەکان بۆ چێژبەخشین و دڵ کردنەوە و خرۆشاندنی ئارەزووی دەروونی مرۆڤ ئافەریدەبووە))[ڕید،٢٠٠٦،ل٤٩]. هەروەها ((ڕەنگەکان کاریگەرییەکی ئاشکرایان بەسەر دەروونەوە هەیە، زۆرجار مرۆڤ بە ڕەنگێکی دیاریکراو ئاسوودە دەبێت))[عبید،٢٠١٣،ص٤٤]. کاریگەری ڕەنگیش بەسەر دەروونەوە پەیوەستە بەچۆنیەتی بەکارهێنانی پلەکانی ڕەنگ و ڕادەی زەقی و ڕەونەقیان، لەگەڵ کاریگەری ڕەنگەکان بەسەر باری دەروونی کەسانی ناو چیرۆک و خوێنەریشەوە.

**ت/ لەڕووی زمانەوە**

ڕەنگەکان بەپێی هاتنیان لەناو ڕستەدا دەتوانن ئەرکی هاوەڵناو وەربگرن، چونکە ((وشەکانی ڕەنگ لەگەڵ هەموو ئاوەڵناوەکانی تری زمانی کوردیدا دەچنە ناو بەشە ئاخاتنی ئاوەڵناوەوە))[زەنگنە،٢٠٠١،ل١]، بێگومان هاوەڵناوبوونی وشەکانی ڕەنگ، پەیوەستە بە شوێنی هاتنیان لەناو ڕستەو لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە لە ڕستەکەدا دەیگێڕن. کاتێک وشەکانی ڕەنگ ئەرکی هاوەڵناو وەردەگرن، ئەوە لایەنی پەسنکردن لەناو دەقی چیرۆکەکە بەگەڕ دەکەوێت و دەبێتە مایەی هەبوونی هێڵێکی نەرم و نیان و جولەی جوانی دەردەکەوێت. هەستی ئەدەبی و جوانی لە دەقەکە زیاتر دەردەکەوێت و دەبێتە مایەی زیاتر ناساندن و ڕوونکردنەوەی ناوە پەسنکراوەکان.

زۆر لە ئەدیبان ئاوڕیان لەبەکارهێنانی ڕەنگ لەبەرهەمە ئەدەبییەکانیان داوەتەوەو بەکاریان هێناوە. ئەمەش وایکردووە جوانکاری زیاتر بە بەرهەمەکانیان ببەخشێت. نەک هەر لە چیرۆکدا، بەڵکو لە جۆری ئەدەبی دیکەش ئەم کارە کراوە، بۆ نموونە لە شیعر. دەبینین ((لە قەسیدەی نوێدا، ئەرک و مەزراندن(توظیف)ی ڕەنگ لە زمانێکی بینینی ڕووکەشانە بۆ زمانێکی بینینی ئاوێتەیی گواستراوەتەوە. بەکارهێنانی ڕەنگ تەنیا شتێکی سادە نەبوو، بەڵکو بەرجەستەکردنبوو بەشێوەیەکی دراماتیکی لە ڕووداو و ڕیتم و گفتوگۆو برین و تێکەڵبوون))[عبید،٢٠١١،ص١٣٨]. ئەم بەکارهێنانەی ڕەنگیش

وایکردووە قەسیدەی نوێی عەرەبی لە گشت بوارو ئاستێک، بەهۆیەوە جوانکاری لەخۆ بگرێت [عبيد،٢٠١١،ص١٤٠]. مەحمود دەروێش(١٩٤١-٢٠٠٨) شاعیرێکی دیاری جیهان و عەرەبە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی بەکارهێناوە، ڕەنگ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قووڵی وێنەی شیعری لەلای ئەو جێهێشتووەو لەجوانکردنی قەسیدەکانیدا بەشداربووە [عبيد،٢٠١١،ص١٤١]. ئەمەش دەبێتە نموونەیەکی زیندوو بۆ کاریگەری بەکارهێنانی ڕەنگ لەبەرهەمی ئەدەبیدا، ئەگەر بەشێوەیەکی شارەزا و جوانکارییانە بەکارهات.

**تەوەری دووەم: گوتاری ڕەنگ لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا**

**باسی یەکەم: گوتاری چینایەتی و زمانی و ئەدەبیی ڕەنگ لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا**

گوڵی ڕەشی چیرۆکنووسی کورد (شێرزاد حەسەن) یەکێکە لە بەرهەمە دیارو هونەرییەکانی نێو جیهانی ئەدەبیی چیرۆکی کوردی. گوڵی ڕەش لە یەک کاتدا ناوی چیرۆکێکەو ناوی کۆمەڵە چیرۆکێکیشە.

- گوڵی ڕەش وەک کۆمەڵە چیرۆک

چاپی سێیەمی کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی ڕەش لە (٢٧٦) لاپەڕەی قەبارە ناوەند پێکهاتووە. بریتییە لە شەش چیرۆک، چیرۆکەکانیش ئەمانەن: (گوڵی ڕەش، گوناهی سپی، میم، من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ، ڕەنگاڵە، زەلکاو). وادیارە یەکێک لە چیرۆکەکان ناوی (گوڵی ڕەش)ەو ناوی کۆمەڵە چیرۆکەکەش هەر بەناوی ئەو چیرۆکە کراوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٩) چاپبووە، چاپی دووەمی لەساڵی (٢٠٠٥)بووە. دواچاپیشی کە چاپی سێیەمە لە ساڵی (٢٠١٤) چاپبووە. ئەم دوا چاپەی، زنجیرەی (٣٢)ی بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووسەو لە چاپخانەی تاران چاپبووە.

- گوڵی ڕەش وەک چیرۆک

چیرۆکی گوڵی ڕەش لە (٣٠) لاپەڕەی قەبارە ناوەند پێکهاتووە، زۆربەی چیرۆکەکە مەنەلۆگ یان فلاشباگەو لەسەر زاری حەمەوە دەگێڕدرێتەوە. هەندێک دیالۆگ لە نێوان حەمەو دایکی لەلایەک و حەمەو هێرۆ لەلایەکی دیکەوە هەیە، بەڵام زۆر کەمە. کەسی سەرەکی لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا، کوڕێکی قوتابیی زانکۆیە، ناوی (حەمە)یەو باوکیشی ناوی (سمایل)ە. لەو کاتەی کە حەمە منداڵبووە، ماڵیان لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندانی شارێکە، ماڵی ئەوان گچکەترین و هەژارترین ماڵی گەڕەکەکەیە. حەمە بە منداڵی کچێکی دراوسێیانی خۆشدەوێت کە ناوی (هێرۆ)یە، ماڵی هێرۆش بە ماڵی (چەلەبی) ناسراون کە زۆر دەوڵەمەندبوونە. حەمە لە منداڵییەوە شەیدای هێرۆ بووە، کە گەورەش بووە، خۆشەویستییەکە لەگەڵ گەورەو بەتین بووە. خۆشەویستییەکە هەر یەک سەرو لەلای حەمەوە نەبووە، بەڵکو هێرۆش حەمەی خۆشویستووە، هێرۆ دەڵێت:

{حەمە کەی تۆ لە دڵمدا مردیت .. ئەوسا ئەم گوڵانەش وەک خۆت دەمرن..}(گوڵی ڕەش،ل٢٨). کە دیارە ئەم دەربڕینە خۆشویستنی حەمەیە لەلایەن هێرۆوە. چیرۆکەکە باس و خواسی خۆشەویستی نێوان حەمەو هێرۆیە، بەتایبەتی خۆشویستنی هێرۆ لەلایەن حەمەوە. تا بە کۆتایی دەگات حەمە لەسەر خۆشویستنی هێرۆ بەردەوامە، سەرەڕای نەگەیشتن پێی کە هەژاری حەمەو دەوڵەمەندی هێرۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

ڕەنگ لەم چیرۆکەدا، کەرەستەو بابەتێکی ڕەسەن و گرینگە، بۆیە کردمانە لایەنی کارەکی توێژینەوەکەمان. بۆ ئەم مەبەستەش لە چەند خاڵێکدا گرینگی و بایەخ و گوتاری ڕەنگ لەچوارچێوەی چیرۆکەکەدا دەخەینە ڕوو.

**١/ گوتاری چینایەتیی ڕەنگ**

بابەتی چینایەتی لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا خاڵێکی بەهێز لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە پێکدەهێنێت. چینایەتییەکە لەنێوان ماڵی حەمەو ماڵی هێرۆیە. ماڵی حەمە هەژارن، ماڵی هێرۆش دەوڵەمەند. ئەم دوو ئاستە جیاوازییەی چینایەتی لە چیرۆکەکەدا بەگەلێک شێوە باسی لێوەکراوە. جیاوازییە چینایەتییەکەش بۆ کاتێکی لەمێژتر دەگەڕێتەوە، واتا هەر لەو کاتەی حەمەو هێرۆ مندالبوونە، خێزان و خانەوادەکانیان هەژارو دەوڵەمەندبوونە. ئەم ڕاستییەش لەسەرزاری حەمەوە دەربڕاوە:

{کەس تێمان ناگا، ئاخر نیمانە .. هەقتتانە تیی نەگەن، لە منالییەوە ((نییە)) تان نەبیستووە .. هێرۆ گیان .. من هەر ئەوەندەی چلە گیایەک بووم کە گوێم بە ((نییە)) زرنگایەوە..}(گوڵی ڕەش، ل١٤). ئەمە دەربڕی لەمێژینەی هەژاری حەمەو دەوڵەمەندی هێرۆیە. لە ئێستای چیرۆکەکەشدا، ماڵی حەمەو هێرۆ لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندن، پڕە لە کۆشک و باڵەخانەی گەورە، بەڵام ماڵی حەمە وانییە، هەر لەسەرزاری حەمە ئەوە ئاشکرا دەبێت:

{چۆن کەوتووینەتە نێو ئەم گەڕەکە خاوێنەی خواپێداوەکان .. ؟ نێو ئەم هەموو کۆشکە ڕەنگاوڕەنگانە ..؟}(گوڵی ڕەش،ل١٣). لە کاتێکدا گەڕەکەکە کە ماڵی هێرۆشی تێدایە، پڕە لە کۆشک، بەڵام ماڵی حەمە وانییە، بەڵکو تەویلەیە:

{برادەرە دەوڵەمەندەکانی گەڕەک زووزوو پێمدەڵێن: ((کەی ئەم تەوێڵەیە تێکدەدەن .. ؟}(گوڵی ڕەش،ل١٣). پیشاندانی جیاوازی چینایەتی ماڵی حەمەو هێرۆ تا کۆتایی بەردەوام دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی پیشاندانی ماڵ و خانووەکانیان، حەمە دەڵێت:

{ئای هێرۆخان .. خانمی ماڵە دەوڵەمەندەکان .. مەزەی مێزی گیرفانپڕەکان .. نە کۆشکەکەی ئێوە نزم دەبێتەوەو نە کەلاوەکەی ئێمەش بالا دەگری}(گوڵی ڕەش،ل٣١).

پیشاندانی جیاوازی چینایەتی نێوان هەردوو خێزان هەر لەڕێگەی خانووەکانیان نابێت، بەڵکو خواردنیشی دێتەسەر. لەڕێگەی ناوهێنان و پیشاندانی ئەو خواردنانەی کە ماڵی هێرۆو ماڵی حەمە دەیخۆن، دەزانرێت کە چ جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی لەنێوان هەردوو خێزاندا هەیە. حەمە دەڵێت:

{نیوەڕۆیانیش: بۆنی چێشت و گۆشتی برژاوی نێو مووبەقەکانی ئێوەو ماڵەکانی دیکە، ئێمەی کاس و وڕ دەکرد، من و خوشک و براکانم .. هەموو بەیەکەوە لیکمان دەکرد، بەمۆنی لە دەوری قاپی پیرخەنیلەو یان لەگەنی نیسکێنە کۆدەبووینەوە .. زۆرجار بەیەکەوە بۆ گۆشتی برژاوی ئێوە دەگریان ..}(گوڵی ڕەش،ل٢٥). لێرەدا بەئاشکرا هەست بە جیاوازی ئەو خواردنانە دەکرێت کە هەردوو خێزانەکە دەیخۆن. ئەمانە چەند ڕێگەو شێوەیەک بوون بۆ پیشاندانی ئاستی جیاوازی چینایەتی نێوان بنەماڵەی حەمەو هێرۆ. ڕەنگیش لە پیشاندانی جیاوازی ئاستی چینایەتی هەردوو بنەماڵەکە بەشێوەیەکی هونەری بەشدارە. حەمە لەباسێکدا باسی دەوڵەمەندو بازرگان و قۆنتەراتچیانی شار دەکات، باس لە کارو پیشەو خولیاو ئارەزوویان دەکات. یەکێک لە ئارەزووەکانیان، شاردنەوەی گوڵی ڕەنگاوڕەنگە. ئەوان گوڵە جۆراوجۆرەکان بۆ خۆیان دەبەن، ناهێڵن کەسیتر خاوەنی بێت. هەرچەندە ئەوان گوڵ دەشارنەوە، بەڵام گوڵەکان لەڕێگەی ڕەنگەکانیانەوە بەدیاردەکەون کە دەبنە هاوەڵناو بۆ گوڵەکان.

ڕەنگەکانیش هەموو ڕەنگی جوان و بریقەدارن. حەمە تایبەت بە خولیاو کارو ئارەزووی دەوڵەمەندەکان دەڵێت:

{چاک دەزانم دەوڵەمەندەکانی شار، ئاغاو کوێخا دەرکراوەکان، قۆنتەراتچی و بازرگانە هەرە قەبەکان، ئەوانەی دینارێک دەکەن بە دە و .. دەش بە سەد .. ئەوانەی ناهێڵن و نەیانهیشت و لەمەودواش ناهێڵن من ناوی ئەو گوڵە مۆرە بزانم، هەموویان دزی .. لە باخچەو چواردەوری چیمەنەکانیان چاندوویانە .. شاردوویانەتەوە، ئەوان گوڵی مۆرو سوورو زەردو سپی .. گوڵی بۆنخۆش و بێ بۆنیش دەشارنەوە}(گوڵی ڕەش، ل١٤). بەپێی ئەمە دەوڵەمەندەکان قۆرغکارییان لە گوڵە ڕەنگاوڕەگەکان کردووە، هەموو گوڵە جوانەکان بۆ ئەوانە، لە باخچەو کۆشکەکانیان شاردوویانەتەوە، بەڵام هەژاران کە حەمە نوێنەرایەتییان دەکات، بەشیان تەنیا گوڵی سەرشەقام و بۆنناخۆشەکانە:

{من تەنها ئاشنای گوڵە تەمەن کورتەکانی ژاڵەی سەرشۆستەکانم .. وردەگوڵی مورتکەکان و هیچی تر}(گوڵی ڕەش،ل١٣). لە شوێنێکی دیکەدا، حەمە باسی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیماڵی هێرۆ دەکات. لەباسکردنەکەیدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەوان خاوەن گوڵی ڕەنگاوڕەنگن، ڕەنگەکانیش نیشانەی جوانی و دڵخۆشین. واتا لەڕێگەی ڕەنگی گوڵەکانەوە، ئاستی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ماڵی هێرۆمان بۆ بەدیاردەکەوێت کە نوێنەرایەتی چینی دەوڵەمەند دەکەن. حەمە ئەوە دەڵێت:

{ئەرێ تاکەی گوڵی زۆرتان هەبێ ..؟ من بەخیلی بە سامان و دارایی هیچتان نابەم .. بەڵام چی بکەم کە شێتی گوڵی زۆرو درەختەکانم بم ..؟ گوڵی سەدەها ڕەنگ و جۆر .. زەردو سپی و سوورو مۆر، جۆرەها بۆن، کێ دەزانێ .. کێ ئاگای لێیە ..؟ لەوانەیە گوڵی سەوزیشتان هەبێ}(گوڵی ڕەش،ل٢١-٢٢). لێرەدا چەند ڕەنگێکی گوڵ باسکراوە، لەنێویاندا گوڵی سەوز، کە گوڵێکی زۆر دەگمەنە، تەنیا ئەگەر دەوڵەمەندەکان بتوانن خاوەنی بن. حەمە جارێکی دیکە زۆر بەڕاشکاوانە باسی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو باخچەکەی ماڵی هێرۆی کردووە، ئارەزووی بۆ گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیانی خواستووە، کە دەوڵەکەندەکان خاوەنی ئەو گوڵە ڕەنگاوڕەنگە ڕەنگ جوانانەن، حەمە دەڵێت:

{هەر لەوساوە حەزم لە گوڵە سوورو زەردەکانی نێو باخچەکەتان دەکرد}(گوڵی ڕەش،ل٢٠). کە دیارە سوورو زەرد دوو ڕەنگی دیارو سەرەکیی نێو ڕەنگەکان و هێمانە بۆ ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگەکان و لەباخچەی ماڵی هێرۆ هەبوونە کە ماڵی دەوڵەمەندانە. کەواتە ڕەنگە جوانەکان بۆ ماڵی دەوڵەمەندەکان برداروان. لەبەرامبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندەکان ئارەزووی گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان کردووەو ناو ماڵ و باخچەکانیان پێ ڕازاندووەتەوەو لەگەڵ خواست و ئارەزوویان بۆ خۆشی ژیان گونجاندوویانە، دەبینین ڕوانینیان بۆ ڕەنگی ڕەش زۆر جیاوازەو پەسەندیان نەکردووە. حەمە دەڵێت:

{من بیستوومە: ئێوە مانان گوڵی ڕەشیش پەیدادەکەن، هەر بۆ شانازی لە هەندەرانەوە دەیکڕن .. گەرچی حەز لە ڕەنگی ڕەشیش ناکەن، لای ئێوە ڕەنگێکی تاڵ و ناشیرین و دزێوە}(گوڵی ڕەش،ل٢٢). لەسەرەتاوە ئەوە دەرخراوە کە چینی خێزانی هێرۆو دەوڵەمەندەکان، حەزیان لە گوڵی ڕەشە، بەڵام تەنیا وەک شتێکی دەگمەن و گرانبەها دەیانەوێت، ئەگەرنا پەسەندی ناکەن، چونکە ڕەنگی ڕەش لەگەڵ ژیانی پڕ ڕەنگ و ڕازاوەیان ناگونجێت. لەبەرامبەریشدا حەمە کەلە چینی هەژارانە، ڕەنگی ڕەشی خۆشدەوێت و پەسەندی دەکات. حەمە لەڕەنگی ڕەشدا خەم و جلوبەرگی هەژاران دەبینێت، بۆیە پەسندی دەکات:

{قەڵەمی گوڵەباخێکی قەترانیم بۆ پەیدا بکە .. من شێتی گوڵی ڕەشم، هەروەها چۆن شێتی کراس و کەوای خمداری بێوەژنە کۆستکەوتووەکانم}(گوڵی ڕەش،ل٢٢).

شەیدابوونی حەمە بۆ ڕەنگی ڕەش لەمە زیاتر هەڵدەکشێ و لەبەر خاتری چاوە ڕەشەکانی هێرۆوە، هەموو شتێکی ڕەشی خۆشویستووە، بە چارەنووسی ڕەشیشەوە:
{من شێتی گوڵی ڕەشم .. چاوە ڕەشەکانت فێریان کردم هەموو شتێکی ڕەشم خۆش بوێ .. بگرە چارەنووسی ڕەشیشم..}(گوڵی ڕەش،ل٢٤). کە دیارە حەمە لەبەر خاتری چاوە ڕەشەکانی هێرۆ، ئامادەیە پێشوازی لە چارەنووسی ڕەشیش بکات. لێرەدا ڕەش دوو مانای جیاوازی هەیە:
یەکەم: چاوی ڕەشی هێرۆ. لێرەدا ڕەشەکە وەکو هاوەڵناوێکی ئەرێی و باش بۆ پەسنی چاوی هێرۆ بەکارهاتووە، بۆتە تایبەتمەندی و جیاکاری بۆ جوانی و جۆری ڕەنگی چاوی هێرۆ.
دووەم: چارەنووسی ڕەشی حەمە. لێرەدا ڕەش وەک هاوەڵناوێکی نەرێی بەکارهاتووەو باس لە چارەنووسی خراپ و کارەساتهێنەری دەکات. لێرەدا بۆتە تایبەتمەندی و جیاکاری بۆ خراپی و ناشیرینی چارەنووسی حەمە.
دەوڵەمەندەکان ڕەنگی ڕەشیان پەسەند نەکردووە، هەندێجار وەک جوێن و توانج بە هەژارەکانیان داوە، حەمە پێی وایە کە دەوڵەمەندەکان بەهیچ شێوەیەک ئەوانیان لەلا پەسەند نییە، بەڵکو سەرچاوەی نەخۆشی و بێزاری و ناشیرینی ژیانن. حەمە ڕوانینی دەوڵەمەندان بۆ هەژاران بەمشێوەیە باسکردووە:
{لای ئێوە مانان یان دوومەڵین یان گوڵەباخی ڕەشی نەگبەتی}(گوڵی ڕەش،ل٢٤). دوومەڵ جۆرە زیادبوویەکی سەر پێستە، پڕە لە کێم و خیزاو و پیسی، نەخۆشییە لە جەستەی مرۆڤدا. دەوڵەمەندان، هەژارانیان هێناوەتە ڕیزی دوومەڵ و ڕەنگی ڕەشی نەگبەتی. لەکاتێکدا کە دەوڵەمەندەکان بەهەموو شێوەیەک هەژاران و ڕەنگی ڕەشیان ڕەتکردووەتەوە، بەڵام حەمە لەخەباتی چینایەتی لەڕێگەی ڕەنگی ڕەش و گوڵی ڕەشەوە بەردەوام دەبێت و شۆڕشێک بەرپادەکات و دژی گەڕەکی دەوڵەمەندەکان دەوەستێتەوە. حەمە هەوڵی پەیداکردنی قەڵەمی گوڵی ڕەش دەدات:
{لەنێو حەوشە چکۆلانەکەو لەسەربان و بگرە ناومالیشەوە دەیچێنم .. نەک قەڵەمی گوڵەباخێکی ڕەش .. چەندەها قەڵەمم بۆ بخوازە، بە فرمێسک و خوێنی خۆم ئاویان دەدەم، بۆم بکرێ لەسەر دڵیشم دەیروێنم .. تا وای لیدێ سەرتاپای ماڵەکەمان دەکەوێتە ژێر تەباری زۆری گوڵی ڕەش، وەک گیاکەڵەش لق و پۆپ و گوڵاو گوڵ و ڕەگ و ڕیشەی بەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە، لە هەموو لایەکەوە هەر گوڵی ڕەشەو دەپشکوێ}(گوڵی ڕەش،ل٢٢). دوای ئەوەی حەمە لەڕێگەی ڕەنگی ڕەش و گوڵی ڕەشەوە شۆڕشێک لەماڵەکەی خۆیاندا بەرپادەکات و پاشان دەپەڕێتەوە دەرەوەی ماڵەکەشیان، دەوڵەمەنەدەکان لێی بەئاگادێن و دژی دەوەستنەوە:
{هەموو گەڕەک وەئاگادێن، دەکەونە خۆیان و دەترسن، دەبێ بە هەراو قیامەت و ژاوەژاو، هەموو شتێ دەئالۆزکێ}(گوڵی ڕەش،ل٢٢). دوای بەئاگاهاتنەوەیان، دەستدەکەن بە پیلان و لەناوبردنی شۆڕشەکەی حەمە و خاوخێزانیان و گوڵ و ڕەنگەکانیان:
{دەکەونە پیلان و هەموو تێکڕا کۆ دەبنەوە، بە ژن و مناڵەوە، ژن و پیاوەکان هێرش دێننە سەرمان، کرێکاری برسیی وەک من و پیرەباوکم بەکرێ دەگرن، لەشکرێ پێکەوە دەنێن، هەمووتان بە خاکەناس و بێڵ و پێمەڕەوە دێنە سەرمان، تا ئەو گوڵەباخە ڕەش و شوومە لە بنەوە .. لە ڕەگەوە هەڵتەکێنن: تەباری گەورەی گوڵی ڕەش .. کە ڕەنگی نەگبەتی و دەردو نسکۆ بۆ گەڕەکەکەتان دەهێنێ}(گوڵی ڕەش،ل٢٣). مەترسی دەوڵەمەنەکانیش لە گوڵی ڕەش بۆ ئەوەیە کە گوڵی ڕەش ((هێمای بزووتنەوەیەکی ئاژاوەگێڕییە))[https://en.wikipedia.org/wiki/Black_rose]. بەمشێوەیە لەنێوان حەمە و دەوڵەمەندان شەڕ ڕوودەدات. دەوڵەمەندەکان هەوڵی لەناوبردنی هەژارەکان و گوڵی ڕەش

دەدەن. بەمشێوەیە ڕەنگەکان دابەشی سەر دوو چین دەبن، ڕەنگەکانی (سوور، زەرد، سپی، سەوز) لە باخچەی ماڵی دەوڵەمەندەکان دەبن، کە گونجاویشە لەگەڵ لایەنی دەروونییان، چونکە دەوڵەمەندەکان ئارەزووی ژیانێکی خۆش و ڕەنگاوڕەنگ دەکەن. ڕەنگی ڕەشیش بۆ حەمەو هەژاران دەبێت، ئەمەش دابەشکارییەکی چینایەتییە لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران و ڕەنگەکانیش لەگەڵیان دابەش دەبن.

**٢/ گوتاری زمانیی ڕەنگ**

لە چەمکی گوتاردا پشتمان بە ئەرک و دەسەڵات و پەیام بەستووە، لێرەدا ڕەنگ وەک بابەتێک ئەرکی زمانی بینیوە لە دروستکردن و گەیاندنی واتاو پەیامدا، لێرەدا ڕەنگ توانیویەتی گوتارێک لە ڕێگەی زمانەوە پێشکەش بکات و کار لەلایەنی واتاو دەربڕین بکات.

وشەکانی ڕەنگ بەپێی هاتنیان لە ڕستەدا دەتوانن هەردوو ئەرکی (ناو) و (هاوەڵناو) ببینن. کاتێک کە دەبنە ناو، ئەو کاتەیە کە لە جیاتی ناوی ڕەنگی شتێک بهێنن. ئەو کاتەش دەبنە هاوەڵناو کە پەسنی ناوێک لە ڕووی چۆنیەتی ڕەنگی ناوەکە بکەن، بۆ نموونە (گوڵی سوور)، لێرەدا سوور لە ڕووی ڕەنگەوە پەسنی گوڵی کردووە، کە ئەمەش ئەرکی هاوەڵناوە.

لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە بەشێوەیەکی بەرچاو وشەکانی ڕەنگ ئەرکی هاوەڵناو دەبینن و پەسنی ناوەکانی پێش خۆیان دەکەن. حەمەی کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە لەتاو هەژاری و بێجێگەیی، هیوای بە شوێنی خۆش و حەوشەی پڕ گژوگیاو باخچەی پڕ چیمەنی سەوز خواستووە:

{حەزم دەکرد لەسەر فەرشی چیمەنە سەوزەکە گەوز بدەم}(گوڵی ڕەش،ل٢٥). لێرەدا ڕەنگی سەوز پەسنی ناوی چیمەنی لەڕووی ڕەنگەوە کردووە. ڕەنگی چیمەنەکەی بەشێوەی ئەرێنی و بنچینەیی خۆی پیشانداوە. جوانی چیمەن (فریز) لە ڕووی ڕەنگەوە لە ڕەنگی سەوزە. لەشوێنێکی دیکەدا، حەمە ئارەزوو دەکات هێرۆ پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەی لابدات، تاوەکو ئاسمانی بێگەردو جوان ببینێت:

{دە ئەو پەردەیە لادە .. ساماڵی ئاسمانێکی شین و بێگەردی لێگرتووم}(گوڵی ڕەش،ل٢٦). لێرەدا ڕەنگی شین پەسنی ناوی ئاسمانی کردووە. ڕەنگی شین لە بینینێکی ئەرێییەوە پەسنی ئاسمانی کردووە. کەواتە ڕەنگی شین بەشداربووە لەبەرزنرخاندن و پیشاندانی ڕەنگی ئاسمان.

لەشوێنێکی دیکەدا ڕەنگی مۆر بۆ دیاریکردنی جۆری گوڵ بەکارهاتووە، لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی هێرۆوە گوڵ هەیە. دیارە گوڵەکان ڕەنگیان مۆرە، بۆیە حەمە لەڕێگەی ڕەنگەوە جۆری گوڵەکەمان بۆ دیاردەکات و ڕەنگەکە دەبێتە جیاکەرەوە بۆ گوڵەکە:

{دە دەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە .. گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاوبدە، خەمی منیش، ترسی جودایی برەوێنەوە}(گوڵی ڕەش،ل١١). دیارە ڕەنگی مۆر لەڕووی ڕەنگەوە جۆری گوڵی بەر پەنجەرەکەی هێرۆی دیارکردووە.

لە شوێنێکی دیکەدا ڕەنگی ڕەش بەکارهاتووە، ڕەنگە ڕەشەکە لەڕووی ڕەنگەوە بۆتە دیارخەری ناوەکەی پێش خۆی و پەسنی ناوەکەی پێش خۆی کردووە:

{لەوە دەترسن هەموو گەڕەک بکەوێتە ژێر تەباری گوڵی ڕەش}(گوڵی ڕەش،ل٢٣).

لە شوێنێکی تر، لەڕێگەی هەردوو ڕەنگی سوورو زەردەوە دەستنیشانی ئەو گوڵانە کراوە کە لە باخچەکەی ماڵی هێرۆوە هەبوونە. ئەمەش هاوەڵناوەو چۆنیەتی گوڵەکانی لەڕووی ڕەنگەوە دەستنیشانکردووە:

{هەر لەوساوە حەزم لە گوڵە سوورو زەردەکانی نێو باخچەکەتان دەکرد}(گوڵی ڕەش،ل٢٠)، دیارە کە ڕەنگەکانی سوورو زەرد بوونەتە دیارخەرو دەستنیشانکەری گوڵە زۆرو ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو باخچەکەی ماڵی هێرۆ. وەک دەزانرێت گوڵ سەرەڕای ڕەنگی، ناوی هەیە. بەڵام چیرۆکنووس ناوی گوڵەکانی نەهێناوەو بەهۆی ناوەوە گوڵەکانی دەستنیشاننەکردووە، بەڵکو بەهۆی ڕەنگەوە دەستنیشانیکردوون، کە ئەمەش ئەرکێکی ڕەسەن و گرینگی زمانەو چیرۆکنووس لەڕووی ڕەنگەوە ئەم ئەرکەی زمانی جێبەجێکردووە.

**٣/ گوتاری ئەدەبیی ڕەنگ**

ڕەنگ بەپێی پێکهاتەو ئەرکی لەناو دەقدا لە چوارچێوەی زماندا دەتوانێت بەهایەکی ئەدەبیی هەبێت. لەچیرۆکی گوڵی ڕەشدا، ڕەنگ توانیویەتی لایەنی جوانی ئەدەبیی دەربخات. لە پیاهەڵدانێکی حەمە بۆ باخچەو گوڵەکانی ماڵی هێرۆوە، لە چوارچێوەی هاوئاهەنگییەکی ڕەنگەکان و سنووری سەروای مۆسیقادارەوە، ڕەنگ بەشداری لەجوانکردنی دەقەکەدا کردووە. حەمە شێتی گوڵە ڕەنگاوڕەنگ و زۆرو زەبەندی ماڵی هێرۆیە:

{من بەخیلی بە سامان و دارایی هیچتان نابەم .. بەڵام چی بکەم کە شێتی باخچەو گوڵی زۆرو درەختەکان بم ..؟ گوڵی سەدەها ڕەنگ و جۆر .. زەردو سپی و سوورو مۆر}(گوڵی ڕەش،ل٢١-٢٢). لەچوارچێوەی ئەم وەرگیراوەی نێو چیرۆکەکەدا، حەمە چاوی لە پارەو پوول و سامانی ماڵی هێرۆ نییە، بەڵکو کوشتەی دارودرەخت و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانە. بەهۆی دەربڕینی (گوڵی سەدەها ڕەنگ و جۆر .. زەردو سپی و سوورو مۆر)، جۆرە مۆسیقاو ڕیتم و سەروایەک بەهۆی وشەکانی (جۆر) و (مۆر) لە ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواودا دروستبووە، کە ئەمەش بەشداری ڕەنگە لە پێکهاتەیەکی ئەدەبی - ڕەوانبێژیدا. لە شوێنێکی دیکەدا لە چوارچێوەی وێنەیەکی ئەدەبی – هونەرییەوە، ڕەنگی ڕەش بەشداری لەگرێ و دەربڕینێکی ئەدەبی کردووە:

{دە ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە، گەر بیکەیتەوە، هەزاران گرێکوێرەی ئەم دەروونە داخراوەم دەکرێتەوە، هەوری ڕەشی پڕ لە گریانی ئاسمانی چاوانم دەڕەوێتەوە}(گوڵی ڕەش،ل١٨). حەمە لەداخی نەکرانەوەی پەنجەرەکەی ژووری هێرۆو خۆشەویستی هێرۆو خەمی نەگەیشتن پێی، زۆر گریاوە. گریانی زۆری بەباران چواندووە، سەرچاوەی بارانەکەش ئەو هەورە ڕەشەیە کە بڕێکی زۆر باران (فرمێسک)ی تێدایە. وەک دەزانرێت هەوری ڕەش نیشانەی ئەوەیە کە بڕێکی زۆر ئاو و بارانی لەگەڵدایە. هەوری ڕەش نیشانەی زۆر بارانبارینە. ئەمەش بەفرمێسکی چاوی خۆی چواندووە کە لەداخی حەسرەتی هێرۆوە ڕژاندوویەتی. لێرەدا ڕەش لە سنووری گرێی ناوی (هەوری ڕەش) وێنەو دەربڕینێکی ئەدەبیی زیندووی دروستکردووە.

لە شوێنێکی دیکەدا لەڕێگەی گرێ و دەربڕینێکی خوازەییدا، لەڕێگەی دروستکردنی گرێیەکی خەیاڵیی جوان بەهۆی ڕەنگی ڕەشەوە، حەمە ئەو چارەنووسە نادیارو ڕەشە بەهێرۆ پیشان دەدات کە بەهۆی ئەوەی کوڕێکی هەژارو بێ ناونیشانی خۆشویستووە:

{دەشێ تا دونیا ماوە لە خۆت نەبووریت، لە خۆت خۆش نەبیت کە کوڕە قەرەجێکی بێناونیشانت خۆشویست، چ پەڵەیەکی ڕەش و ناشیرینیت خستە سەر ئەو مێژووە پاکەی ژیانت}(گوڵی ڕەش،ل٣٠). بێگومان پەڵەی ڕەش شتێکی ماددی و بەرجەستەیە، مێژووی پاکی ژیانیش، نەماددی و نەبەرجەستەیە، لەنێوان ئەم دووبارەدا، نووسەر بەبەشداری ڕەنگی ڕەشەوە، وێنەیەکی ئەدەبیی جوانی بەرجەستەکردووە.

زۆری ڕەنگە جیاوازەکان لە چیرۆکەکەدا کە زیاتر لەڕێگەی گوڵەکان بەرجەستەکراوهن، چیرۆکەکەی ڕەنگین کردووە. ئەگەر لەچیرۆکەکەدا تەنیا ڕەنگێک یان دووان بەکاربهاتبان، ئەوە ئەو چێژەی نەدەبوو وەک ئەوەی کۆمەڵێک ڕەنگ بەکارهاتووە. نووسەریش کارامەیانە ئەم کارەی کردووەو شیعریەتێکی ڕەنگی – گێڕانەوەیی بەرجەستەکردووە:

{هەموویان دزی .. لە باخچەو چواردەوری چیمەنەکانیان چاندوویانە .. شاردوویانەتەوە ..، ئەوان گوڵی مۆرو سوورو زەردو سپی .. گوڵی بۆنخۆش و بێ بۆنیش دەشارنەوە}(گوڵی ڕەش،ل١٤). بێگومان ڕەنگەکانی (مۆرو سوورو زەردو سپی) و ڕەنگی دیکەش کە لە چیرۆکەکەدا هاتوون، شیعریەتی ڕەنگ لەجوانی و واتاو هێماو بابەت، بەچیرۆکەکە دەبەخشن.

لە ڕووی جوانکاری گونجان و هێماگەری ئەدەبیشەوە، لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا کار لەم لایەنەکراوە. بە بۆچوونی ئێمە لە نێوان ناوی (هێرۆ) کە یەکێکە لە کەسە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەو دولبەری حەمەی کەسی سەرەکی چیرۆکەکەیە، لەگەڵ ئەو گوڵە مۆرانەی کە لەبەر پەنجەرەکەی هێرۆوە هەن، گونجان و مەبەستی ورد هەیە. هێرۆ لەزمانی کوردیدا کە بۆ ناوی کچان بەکاردێت، لە بنچینەدا هێرۆ ناوی ((جۆرە گوڵێکە))[خەرابەیی،٢٠١٣،ل١٤]. نالی شاعیریش وەکو ناوی گوڵێکی بێ بۆن لە شیعرێکیدا دەری خستووە:

نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنێ وەفایێ

هەر چەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ [نالی،١٩٧٦،ل٣٨٦]

لە شیکردنەوەی گوڵی هێرۆشدا ئەوە هاتووە کە ((گوڵی هێرۆ: گوڵێکە ڕیشەی بە ناخی زەویدا ئەچێتە خوارەوەو هەمیشە لەو شوێنەیدا ئەڕوێتەوە، بۆنی هیچ نییە، بەڵام بە دیمەن زۆر جوانە))[نالی،١٩٧٦،ل٣٨٦-٣٨٧]. ئەگەر هەردوو سیفەتی گوڵی هێرۆ وەربگرین: (١/ بۆنی نییە. ٢/ بە دیمەن زۆر جوانە). دەبینین تەواو لەگەڵ ژیان و تایبەتمەندی کەسی هێرۆوە لە چیرۆکەکەدا یەک دەگرێتەوە. چونکە هێرۆ بۆ حەمە هیچ بۆنی نەبووە، تەنیا بەدیمەن لەدوورەوە یەکترییان بینەوە، بەتایبەتی لەتەمەنی گەورەییاندا. تەنیا لەپەنجەرەوە سەیری جوانیی هێرۆی کردووە، وەکو گوڵێکی جوانی بێ بۆن بینیویەتی. لەبەردەم پەنجەرەکەی ژووری هێرۆش، گوڵی مۆر هەیە. ڕەنگی مۆر هاوبەشە لەنێوان گوڵەمۆرەکان و گوڵی هێرۆوە، چونکە گوڵی هێرۆ بە زۆری ڕەنگەکەی مۆر یان پەمبەییە. چیرۆکنووس لەهەڵبژاردنی ناوی هێرۆو لەگەڵ گوڵەمۆرەکاندا وردەکارییەکی زۆری کردووەو سەرکەوتووبووە.

گوڵی مۆر واتاو هێمای تایبەت بەخۆی هەیە، لە واتایەکیدا بە مانای ((خۆشەویستییەکی غەمگینانە دەگەیەنێت، پەیامەکەشی ئەوەیە: هەر شتێک ڕوویدات، من هەر خۆشم دەوێیت))[معاني الوان الورودhttps://forum.sedty.com/t٣٢٩٦٩١]. ئەم چەمکەی گوڵی مۆریش تەواو لەگەڵ چیرۆکی خۆشەویستیی حەمەو هێرۆ یەکدەگرێتەوە، چونکە چیرۆکەکەیان بەسەرهاتی خۆشەویستییەکی غەمگین و بەئازارە. حەمە تا کۆتایی هێرۆی خۆشویستووەو دەستبەرداری نەبووەو وەفاداری بووە.

**باسی دووەم: ڕەنگ وەک گوتاری شێوەی دەربڕین و ڕۆنانی وشە لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا**

**١/ شێوەی دەربڕینی ڕەنگەکان**

نووسەران و ئەدیبان خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیانن. زمان و چۆنیەتی دەربڕین و واتاو ڕەوانبێژی و ... تاد، لایەنی بەهێزی شێواز دەردەخەن. شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا بە ڕێگەو شێوازی جیا ڕەنگەکانی دەربڕیوە. بەڕادەو ڕێژەیەکی زۆر بەشێوەی ڕاستەوخۆ، واتای ڕاستەقینەی ڕەنگەکانی

دەربڕیوە، وەک: (گوڵی مۆر، ئاسمانی شین، چیمەنی سەوز، هەوری ڕەش، گوڵی سوورو زەرد، ... تاد). ئەمانەو دەربڕینی دیکە، ڕاستەوخۆ ڕەنگەکان بەواتای ڕاستەقینەو ئاسایی خۆیان بەکارهاتوون، هیچ تەمومژ و لادانێکی واتاییان تێدانییە. لەهەندێ شوێن و دەربڕینی دیکەی ڕەنگدا، دەبینین هەندێ لەڕەنگەکان بۆ بێجگە لەواتای بنچینەیی خۆیان بەکارهاتوون. چیرۆکنووس لەدوو شوێندا ڕەنگی (شین)ی بۆ بێجگە لە واتای ڕەنگیی شین بەکارهێناوە. وەک دەزانرێت کە شین وەک ڕەنگێک خاوەن واتاو تایبەتمەندی خۆیەتی، بەڵام چیرۆکنووس لەدوو شوێندا بەواتای گریان و لەخۆدان بەکاریهێناوە، حەمە بەهێرۆ دەڵێت:

{مەگەر تۆ بەدەم گریانەوە پێیان بڵێیت:

-((ئەوەماڵی مام سمایلە .. گوڵەباخێکی ڕەش و شووم نییە)).

کەس گوێت لێناگرێ .. دەکەویتە شین و ڕۆڕۆ..}(گوڵی ڕەش،ل٢٣). کە دیارە شین لێرەدا بۆ گریان و لەخۆدان هاتووە کە هیرۆ ئەنجامی دەدات نەک بۆ ڕنگی شین. لەشوێنێکی دیکەشدا ئەوە هاتووە:

{دەنگم خۆش بووایە، گەڕەکەکەم پڕ دەکرد لە گۆرانی و باڵۆرەی شینو شەپۆڕ، نەمدەهێشت کەستان بنوێ}(گوڵی ڕەش،ل٣١). لێرەشدا شین واتای گریان و لەخۆدان دەگەیەنێت، نەک واتای ئاسایی ڕەنگی شین کە پێشتر ڕوونکراوەتەوە. لە کوردەواریش بەو گریان و لەخۆدانەی ناو پرسە بەتایبەتی کەلەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرێت، دەگوترێت (شین). وەک دەڵێن: فلانە کەس شینێ دەکات. یان فلان کەس لەناو شینییە.

ڕەنگی زەرد خاوەن واتاو تایبەتمەندی خۆیەتی، بەڵام چیرۆکنووس لەدوو شوێندا بۆ واتای دیکە بەکاریهێناوە، وەک:

{سەرێ خوارکەوەو بڕوانە سەربانەکەی ئێمە .. لە هەموو لایەکەوە گیای زەردو سیس و وشکەوەبوو .. پووش و پەڵاشەو (با) دەیباو دەیهێنێ}(گوڵی ڕەش،ل١٢). لێرەدا ڕەنگی زەرد بۆ دیارخستنی گیا بەکارهاتووە، بەڵام گیایەکی مردوو. چونکە گیای زیندوو لە بنچینەدا ڕەنگی سەوزە، کە تەواو پێگەیشت، وردەوردە ڕەنگە سەوزەکەی نامێنێت و بەرەو زەردی و خاکی دەڕوات. کە زەردبوو، واتا گیایەکە وشک بووەو مردووە. لە شوینێکی دیکەدا ڕەنگی زەرد بە واتای (کۆن) بەکارهاتووە:

{بە نێو دڵ و کەلاوەو کۆڵانی هەژارەکاندا گەڕام .. سەدەها لاپەڕەی زەردو ڕزیووم هەڵدایەوە .. نهێنی مەرگی گوڵە مۆرەکانم دۆزییەوە}(گوڵی ڕەش،ل٣٩). لێرەدا حەمە باس لەو لاپەڕە زۆرو کۆنانە دەکات کە هەڵیداوەتەوەو خوێندوویەتییەوە تاوەکو نهێنی مەرگی گوڵی مۆر بزانێت.

ڕەنگی سەوزیش واتاو هێمای تایبەت بەخۆی هەیە، چیرۆکنووس لە شوینێکدا ڕەنگی سەوزی بەواتای ڕەنگی سەوز (أخضر) بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەواتای کاری سەوزبوون (زرع) بەکاریهێناوە:

{ئێمە وەک گیاکەڵە کەوتووینەتە نێو چیمەنە پان و پۆڕەکانی نێو حەوشەکانتان، وەک ڕووەکێکی بیژۆک لەنێو باخچەکانتان سەرمان دەرکرد .. لە کوێ هاتووین و چۆن سەوزبووین}(گوڵی ڕەش،ل٣٣). ڕەنگی ڕەشیش بەهەمان شێوەی ڕەنگەکانی دیکە، خاوەن واتاو هێماو تایبەتمەندی خۆیەتی، چیرۆکنووس لە شوینێکدا بەواتای خەڵکی زۆروبۆرو ئاسایی بەکاریهێناوە:

{لە هەمووتان دەترسام .. لەوانەی چوارسەد و پێنجسەد مەتریان خانووە، ئاخر خوا هەڵناگرێ، ئێمەش .. ئەو هەموو ڕەشەخەڵکە لە پانتایی پەنجا مەتردا بژین}(گوڵی ڕەش،ل٢٠). لێرەدا بەو واتایە نەهاتووە کە خەڵکەکە ڕەنگیان ڕەشە، بەڵکو بۆ زۆری و بۆری خەڵکەکە بەکارهاتووە.

هەموو ئەو ڕەنگانەی کە بۆ بێجگە لە واتای بنچینەیی خۆیان بەکارهاتوون، دەچنە ناو بواری واتاسازی و ڕەوانبێژییەوە، بەتایبەتی لە بواری خوازەوە کە وشە بۆ بێجگە لە واتای بنچینەیی خۆی بەکاردێت. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، لە هەمان کاتدا دەچێتە نێو بواری دەربڕین و گوتاری ئەدەبیشەوە کە پێشتر باسمان لێوە کرد.

**٢/ بەشداری ڕەنگەکان لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا**

لێرەدا ڕەنگەکان ئەرکێکی دیکەیان بینیوەو بەشداربوونە لە گەیاندنی واتای نوێ لە ڕێگەی دروستکردنی وشەی لێکدراو دوور لە واتای بنچینەیی خۆیان، ئەمەش لایەنێکی ئەرکییە کە ڕەنگ ئەم کارەی لە ڕێگەی دروستکردنی وشەی لێکراوەوە جێبەجێ کردووە.

وشەکانی ڕەنگ سەرەڕای تایبەتمەندی واتایی و هێماییان، توانای ئەوەشیان هەیە کە لە چوارچێوەی زماندا بەشداری لە ڕۆنانی وشەی نوێ لە ڕێگەی وشەی لێکداروداو بکەن.

لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا، چەند نموونەیەک هەیە کە وشەکانی ڕەنگ بەشداربوونە لە دروستکردنی وشەی نوێی لێکدراودا. ڕەنگی ڕەش بەشداربووە لە دروستکردنی وشەیەکی لێکدراودا کە ئەویش وشەی (ڕەشەبا)یە، کە بەواتای بایەکی بەهێز دێت:

{حەوشەکەشمان ئەوەندە بچکۆلەیە، جێی دوو گوڵەباخی لێنابێتەوە، تەنها یەک بنەمێوی تێدایەو ئەویشیان زڕە .. پاییزان گەڵا زەردەکانی وەک فرمێسکی تەنیایی و غوربەتم دادەبارێن .. ڕەشەباش دەیانباو دەیانهێنێ}(گوڵی ڕەش،ل١٣). لێرەدا ڕەشەکە بۆ واتای ڕەنگی ڕەش بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە واتای بەهێز بەکارهاتووە.

ڕەنگی سووریش لە دروستکردنی وشەیەکی لێکدراودا بەشداربووە:

{ئەمێستاکەش هەر ئەو گوڵانە دەناسم کە شێت و منداڵەکانیش پێیان دەوێرن .. نێرگزو گوڵاڵەسوورەی دەشتودەری خوا}(گوڵی ڕەش،ل٢٠). گوڵاڵەسوورە ناوێکی لێکدارە، سوور لێرەدا وەکو وشەی دووەم بەشداربووە لە دروستکردنی وشەیەکی لێکدراوی نوێدا. ئەگەر بگوترابا (گوڵی سوور)، ئەو کاتە هەموو دەربڕینەکە دەبووە گرێیەکی ناوی نەک ناوێکی لێکدراو.

ڕەنگی زەردیش بەهەمان شێوە لە دروستکردنی وشەیەکی لێکداروی نوێدا بەشداربووە:

{دە دەرکەوە .. پەنجەرەکە بکەرەوە، زەردەپەڕێکی شیرینەو هەتاوی زێڕین هەموو شاری گرتۆتە باوەش}(گوڵی ڕەش،ل٢٨). ڕەنگی زەرد بە هاوکاری ئامرازی لێکدەری (ە) و ناوی (پەڕ) بەشداربوونە لە دروستکردنی ناوی لێکدراوی (زەردەپەڕ)، واتا ئەو کاتەی کە تازە دونیا ڕووناک دەبێت و تیشکی خۆر بەدیاردەکەوێت، کە ئەمەش واتایەکی نوێیەو ڕەنگی زەرد لەڕێگەی وشەیەکی لێکدراو دروستی کردووە. بەمشێوەیە ڕەنگەکانی (ڕەش، سوور، زەرد) توانیویانە بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراوی دوور لە واتای بنچینەیی خۆیان بکەن.

**ئەنجام**

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرینگترینیان ئەمانەن:

١/ لەنێوان چیرۆک و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەرەجوانەکاندا، پەیوەندیەکی بەهێز هەیە، دەتوانن سوود بەیەک بگەیەنن و ئاوێتەی یەکتر بن.

٢/ ڕەنگ لەچیرۆکی گوڵی ڕەشدا توانیویەتی بەشداری لە پەیامی دەربڕینی چیرۆکەکەدا بکات. ڕەنگی (ڕەش) گوزارشتی لە چینی هەژاران کردووە، ڕەنگەکانی (سوور، زەرد، سەوز، سپی) گوزارشتی لە چینی دەوڵەمەندان کردووەو پەیوەستن بە خولیا و خواست و ئارەزووی دەوڵەمەندان.

٣/ ڕەنگ لەچیرۆکی گوڵی ڕەشدا لەچوارچێوەی زماندا بەتایبەتی لەسنووری بەشە ئاخاوتنی هاوەڵناوەوە، جوانی و دیارخستن و پەسنکردنی بە ناوەکان بەخشیوە، بەتایبەتی لەپەسنکردنی گوڵەکان لەچوارچێوەی ڕەنگدا.

٤/ ڕەنگ لەچیرۆکی گوڵی ڕەشدا بەشداری لەجوانکردنی ئەدەبی و شیعریەتی گێڕانەوە بە تایبەتی لەچوارچێوەی ڕیتم و مۆسیقاو سەرواو ڕەوانبێژیدا کردووە.

٥/ هەندێ لەڕەنگەکان لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا بۆ بێجگە لەواتای بنچینەیی خۆیان بەکارهاتوون. هەندێ لەڕەنگەکانیش دوور لە واتای خۆیان، لەدروستکردنی وشەی لێکدراوی نوێدا بەشداربوونە.

٦/ هەردوو ڕەنگی (ڕەش) و (مۆر/ وەنەوشەیی)، ڕووبەرێکی فراوانیان لە چیرۆکی گوڵی ڕەشدا نەخشاندووە. ڕەنگی ڕەش ناپەسەندنی چینی دەوڵەمەندەکانەو پەسندی چینی هەژارانە، گوزارشتی لە لایەنی درۆونی و چارەنووسی هەژاران کردووە. مۆریش بووەتە گوزارشت لە خۆشەویستییەکی غەمگینانەو چاوەڕوانی دەکات کە حەمە بۆ هێرۆ هەیەتی.

**سەرچاوەکان**

**کتێب بە زمانی کوردی**


١/ جەمیل، قەرەنی،٢٠١٥، ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٢/ حەسەن، شێرزاد،٢٠١٤، گوڵی ڕەش – کۆمەڵە چیرۆک –، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، زنجیرەی کتێب (٣٢)، چاپخانەی تاران.

٣/ حەسەن، محەمەدفەریق،٢٠١٢، ئەزموونی چیرۆکنووسین، چاپخانەی لەریا – سلێمانی.

٤/ ڕەسوڵ، وەهبی،٢٠١٥، ڕەنگ، لە بڵاوکراوەکانی پەڕاوگەی نزاران – سلێمانی، چاپخانەی کۆمپانیای ئارت گرافیک.

٥/ ڕید، هێربرت،٢٠٠٦، مانای هونەر، و: سەربەست خەسرەو عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

٦/ سالار، ئەحمەد،٢٠٠٩، ڕەنگ لە (ڕەنگدان)دا، لێکۆڵینەوەی چامە شیعریی (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس)ە، چاپخانەی کەمال – سلێمانی.

٧/ نالی،١٩٧٦، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پیاچوونەوەی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد–بەغدا.

**فەرهەنگ بە زمانی کوردی**

٨/ ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد،٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەیە، زنجیرەی کتێبی ژمارە (٧١)ە، چاپخانەی تاران.

٩/ خاڵ، شێخ محەمەد،١٩٦٤، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەران – سلێمانی

١٠/ خەرابەیی، فەرمان عەزیز،٢٠١٣، فەرهەنگی ناوی منداڵ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نارین – هەولێر.

**نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی**

١١/ ئەمین، نەبەز کەریم،٢٠١٤، سیماکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

١٢/ زەنگنە، مصطفى محمد كريم،٢٠٠١، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا- لێکۆڵینەوەیەکی لیکسیکی سیمانتیکییە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

**ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی**

١٣/ حەسەن، ناڵە،٢٠١٦، پەیوەندیی (ڕەنگ) لەگەڵ (کات و شوێن) لە شیعردا، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٤٣٣) لە ٢٠١٦/٨/٢١.

١٤/ سالّح، پ.د. قاسم حوسێن،٢٠٠٨، سایکۆلۆژیای ڕەنگ و جوانی، و: گۆڤاری شێوەکاری، گۆڤاری شێوەکاری، ژمارە (٢٤).

١٥/ سیاپوش، محەمەدتەقی،١٩٩٦، سەمبولیزمی ڕەنگی ڕەش، و: کەریم سۆفی، گۆڤاری تێڕامان، ژمارە (١).

١٦/ سیرلوت، خوان ئێدواردۆ،٢٠٠٣، ڕەنگ لە فەرهەنگی سیمبۆڵدا، و: قەرەنی جەمیل، گۆڤاری شێوەکاری، ژمارە(٣).

**کتێب بە زمانی عەرەبی**

١٧/ الجبوري، محمود شكر محمود،١٩٧٨، الالوان - تأثيرها في النفس، علاقتها بالفن - مطبعة اوفسيت اللواء – بغداد.

١٨/ الحباشة، صابر،٢٠١٠، غواية السرد، قراءات في الرواية، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع – دمشق.

١٩/ عبيد، كلود،٢٠١٣، الألوان (دورها، تصنيفها، مصادرها، رمزيتها، دلالتها)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع – بيروت.

٢٠/ عبيد، كلود،٢٠١١، جمالية الصورة – في جدلية العلاقة بين الفن التشكيلي والشعر- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع – بيروت.

٢١/ مدانات، عدي،٢٠١٠، فن القصة – وجهة نظر وتجربة، الاهلية للنشر والتوزيع – عمان الاردن.

٢٢/ النصير، ياسين،٢٠١٢، ما يخفية النص – قراءات في القصة والرواية، تموز للطباعة والنشر والتوزيع – دمشق.

**فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی**

٢٣/ خليل، الدكتور خليل أحمد،١٩٩٥، معجم الرموز، دار الفكر اللبناني – بيروت.

**ئەنتەرنێت**

٢٤/ لون https://ar.wikipedia.org/wikig
٢٥/ معاني الوان الورود https://forum.sedty.com/t٣٢٩٦٩١
٢٦/ https://en.wikipedia.org/wiki/Black_rose

## خلاصة

عنوان هذا البحث عبارة عن {خطاب اللون في قصة (الوردة السوداء)}، وهو محاولة لعرض وبيان عمل وكلام اللون في قصة الوردة السوداء لكاتب القصة الكوردي (شيرزاد حسن).

البحث المذكور- مع أنه يتحدث عن علاقة القصة بأنواع الأدب الأخرى والفنون الجميلة، مع تعريف مختصر لعالم اللون، يحاول أن يتحدث عن خطاب وواجب اللون في القصة المذكورة، وهنا ذكر الواجب الموضوعي للون، بالاضافة إلى ذكر شكل تعبير الألوان، ومشاركة بعض من الألوان المختلفة في صناعة الكلمة المركبة في القصة المذكورة.

يتكون البحث من محورين، المحور الأول يتضمن مطلبين، يتحدث المطلب الأول عن مختصر عالم القصة وعلاقتها واستفادتها من الأنواع الأخرى للأدب وكذا الفنون الجميلة. وفي المطلب الثاني، اللون بشكل مختصر معرف من النواحي (اللغة، التأريخ، النوع، المعنى، الواجب). والمحور الثاني مكون من مطلبين اثنين أيضاً، يتحدث المطلب الأول عن الخطاب الطبقي واللغوي والأدبي للون في القصة المذكورة. وهنا أعطي المثال المناسب والضروري لكل نوع في إطار القصة المذكورة، وقد وضح هنا وفسر واجب وخطاب اللون. وفي المطلب الثاني بيان لخطاب شكل التعبير لبعض من الألوان لصناعة الكلمة المركبة في القصة المذكورة. وبعد ذلك ذكر أهم الإستنتاج في بعض النقاط وذلك ضمن إطار البحث المذكور. وأخيراً بيان وعرض للمصادر والمراجع التي إستفدنا منها بشكل علمي.

## Abstract

The research is entitled {colour discourse in (Black Rose) story}, is an attempt to determine the function and addressing of colour in the Black Rose story of Kurdish story writer (Sherzad Hassan). The research, despite mentioning the relationship of story with the other categories of literature, fine arts and introducing world brief of colour, it attempts to tackle discourse and the function of colour in the above mentioned writer's story. Here, the objective function of colour is mentioned. Alongside discussing expressing method of colour, the participation of the some of the different colours in compound word formation in the story is also stated.

The research consists of two sections, the first section encompasses two sub-sections. In the first sub-section, world brief of colour and its relationship and benefits from the other types of literature and fine arts are pointed out. In the second sub-section, colour is precisely introduced in the events of (language, history, categorization, meaning and function). There are also two sub-sections in the second section. In the first sub-section, class discourse, language discourse and literary discourse of colour have been clarified in the story. Here, each type is sufficiently exemplified within the story frame, and the function and discourse of colour are elucidated. In the second sub-section, the discourse of expressing way of some of the different colours and the participation of some of the colours in the compound noun formation of the story are mentioned. After that, the most important conclusions are identified in several points that occurred within the research framework. Later, the references that are benefited from for the research are scientifically cited.